

# کۆتاییە خۆشەکان

## گفتوگۆ لەگەڵ (ئەلیکساندەر سۆکۆرۆف)دا

**لە عەرەبییەوە: هێمن مەحمود حەسەن**

(پۆل شرایدەر) وەک ڕەخنەگرێک و نووسەرێکی بواری سینەما، کاروانی هونەریی خۆ دەست پێکردووە، دواتر چەند سیناریۆیەکی نووسیوە، لەوانە: شۆفێری تاکسی، گای بەلەسەبوو، دوا فریودانی مەسیح. دوای ئەوە ڕووی کردە دەرهێنان و چەند فیلمێکی دیاری دەرهێنا. لێرەدا لەگەڵ دەرهێنەر (ئەلیکساندەر سۆکۆرۆف) لە بارەی فیلمی (دایک و کوڕ)و دیدی ئەو بۆ سینەما گفتوگۆ دەکات.

(سۆکۆرۆف) ساڵی ١٩٥١ لە شارۆچکەی (بۆدۆرڤیخا) لە سیبیریا لەدایکبووە، ئەو شارە ساڵانێکی زۆرە بەهۆی وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارۆئاوییەوە بووە بە ژێر ئاوەوە و هیچ شوێنەوارێکی نەماوە.

# قوڵبوونەوەی من لە لایەنی وێنەیی هونەردا وای لە دەسەڵاتداران کرد بە گومان بن

باوکی کەسێکی سەربازی بوو، کارەکەی وا پێویستی دەکرد کە لە نێوان خاڵە سنورییەکانی یەکێتیی سۆڤێتدا لە هاتوچۆدا بێت، بەو شێوەیە (سۆکۆرۆف) و خێزانەکەشی لە هاتوچۆدا بوون.
لە شاری (جورکی) بڕوانامەیەکی زانکۆیی لە مێژوودا بەدەستهێنا. دواتر لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی کاری کرد. ساڵی ١٩٧٣ چووە پەیمانگەی سینەما (VGIK) لە مۆسکۆ، بەڵام لەگەڵ کەشوهەوای ڕەسمیی ناو پەیمانگە لە بەریەککەوتنێکی بەردەوامدا بوو.
یەکەم فیلمی ناوی (تاکە دەنگی مرۆڤ) بوو، کە ساڵی ١٩٧٨ دەری هێنا. فیلمەکە پرۆژەی دەرچوونی بوو لە سینەما پێشکەش بوو بە (تارکۆڤسکی)، ئەو فیلمە لە ساڵی ١٩٨٦دا نمایشکراو لە فستیڤاڵی (لۆکارنۆ)دا خەڵاتێکی بەدەستهێنا.
فیلمەکانی بریتین لە: (بێهۆشکردن) ١٩٨٧، (لاپەڕە بە چرپەکان)١٩٨٩، (ڕۆژەکانی خۆرگیران) ١٩٩٣، (ددانپیانان) ١٩٩٨، (بازنەی دووەم) ١٩٩٠، (دایک و کوڕ) ١٩٩٦، (کەشتیی ڕووسی) ٢٠٠٢. (دەیس ئۆف ئیکلیپس ستۆن) ١٩٨٨، (مۆلۆک تاوروس) ٢٠٠١
لە ساڵی ١٩٨٥ەوە زنجیرەیەک کاری دۆکیۆمێنتیی بەرهەم هێنا، کە دەچنە چوارچێوەی شێوەنی سینەمایی و شیعری کەسان و شوێنەکانەوە، سەرەتا بە فیلمی (Elegy) دەستی پێکرد، ئەو کارە زیندووکردنەوەی یادی گۆرانیبێژێکی ڕووسییە، کە ناوی (شالیابن)ە، شیوەنی مۆسکۆ (١٩٨٦)، یادکردنەوەی (تارکۆڤسکی)یە. شیوەنی سۆڤێت (١٩٨٩) کە بریتییە لە پۆرترێیەک بۆ (بۆریس یەلتسن)ی ڕووسی، پێش ئەوەی هەڵبژێردرێت بە سەرۆک. نمونەیەک بۆ ئەدا (١٩٩١) بریتییە لە گفتوگۆیەکی نێوان (یەلتسن) و (سۆکۆرۆف)ی دەرهێنەر، کە قورسە گوێت لێیان بێت دەڵێن چی. شیوەنی سادەی (١٩٩٠)یش لە بارەی سەرۆکی لیتوانیایە.
فیلمەکانی (سۆکۆرۆف) شێوەیەکی نوێی سینەمای ڕۆحیمان پیشان دەدەن. فیلمی (دایک و کوڕ) بە دیالۆگێکی کەمەوە لە کوڕێکی دڵسۆز و دوایین ڕۆژی دایکی دەکۆڵێتەوە، کە لە سەرەمەرگدایە، ٧٣ خولەکی بریسکەداری ئازاربەخش لە سینەمایەکی پاک و بێگەرد.
(سۆکۆرۆف) مامۆستایە. لە سێپتەمبەری ١٩٩٧دا لە نووسینگەکەم لە (تایمز سکوێر) ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵی ئەنجام دا. قسەکردن لەگەڵی شتێکی خۆشە، لەگەڵ ئەودا پەرۆشی خۆمم لە بەرامبەر سینەما بۆ گەڕایەوە. (سۆکۆرۆف) پیاوێکی سەر ڕاستە، کەسێکی ڕاشکاو و بەحورمەتە. بە هەڵچوونی کەسێکەوە قسە دەکات کە دەزانێت شت گەلێک هەن شایەنی وتنن.

***باسی پاشخانی خۆتمان بۆ بکە، باسی پەروەردەکردنت، چۆن بوویتە دەرهێنەرێکی سینەمایی؟**
-من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە ئەدەب بووە، شەیدای درامای ڕادیۆییش بووم. ئەدای ئەو ئەکتەرە گەورانەم لەبیرە کە لەو درامایانەدا پێشکەشیان دەکرد. چاوم دەنوقاند و جیهانێکی خەیاڵیم لە نێو ئەو کارە درامییەدا دروستەدەکرد. هیچ کاتێک بیرم لەوە نەکردەوە کە ببمە دەرهێنەرێک. لە ناو



سۆکۆرۆف

خێزانەکەی مندا کەسێک نەبوو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هونەردا هەبێت، کەسیان لە هونەردا کاریان نەکردووە. من لە گوندێکی بچوکی سیبیریا لەدایکبووم، کە ئێستا نەماوە، چونکە وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارۆئاوییان دروستکرد، بەهۆی ئەو کارەوە گوندە بچوکەکەم بوو بەژێر ئاوەوە. ئێستا ئەگەر بمەوێت سەردانی شوێنی لەدایکبوونم بکەم ئەوا پێویستە بەلەمێک بەکرێ بگرم و سەیری بنی دەریاکە بکەم.

***وێنەیەکی زۆر جوانە..**

-هەمیشە هەستم کردووە کە کاری دەرهێنان و دروستکردنی فیلم ڕێگەیەکی زۆر دوورو درێژە، هەرگیزم لەو باوەڕەدا نەبووم ئەو ڕێگەیە دەبرم. بە گشتی بۆ ئەوەی ببیتە ئەکتەر پێویستە لە پێشدا پەروەردە بکرێیت، من ئاوا بیرم دەکردوە. لەبەر ئەوە بەلای منەوە شتێکی لۆژیکی بوو کە لە مێژوودا بڕوانامە بەدەست بهێنم.

***ئەوە لە کوێ بوو... لە مۆسکۆ؟**

-نەخێر لە (گۆرکی) کە لەسەر ڕووباری «فۆڵگا»یە، ئەو شارۆچکەیەی کە دایکمی تێدا لەدایکبووە. دوای زانکۆ چەند کارێکم بۆ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی کرد. ئەو شارەزاییەی هەمە، هەموویم لە تەلەفزیۆن و مامۆستای یەکەمم (یۆری بیسبۆلۆف)ەوە دەستم کەوتووە. ڕێگەی من بۆ فیلم و وێنەی بینراو زۆر درێژ بوو. لەو ماوەیەدا چوومە ئەکادیمیای فیلم لە (مۆسکۆ) لە بەشی دەرهێنان. دوای ئەوە هەموو شتێک بەپێی سیستەمی کارپێکراو ڕووی دا.

***کاری سینەماییت چۆن گەشەی کرد؟**

-من جگە لە بەدەستهێنانی شوناسی تایبەتی خۆم لە سایەی سیستەمێکی شمولی ستەمکاردا لەدایکبووم و گەورە بووم. ئەوە بەلای ئەو کەسانەوەی کە خاوەن کەسایەتی و پاشخانێکی سایکۆلۆژی بوون، واتای تێبینیکردنی واقیع و شتەکان بوو بە جیدییەتێکی تەواوەوە. بەردەوام بەرهەمی کلاسیکی ڕووسیم دەخوێندەوە، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەرم هەبوو. ئەو کاتە جگە لە مۆزیکی ڕووسی بە هیچ شێوەیەک گوێم لە (بیلتز)یا مۆزیکی هاوچەرخ نەدەگرت. بە (فاگنەر) و (سکارلۆتی) کاریگەر بووم. من ئاوا بووم، زیاتر تەرکیزم دەخستە سەر شتە جدییەکان.

***من دەزانم کە تۆ پێش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت بە دەست سانسۆرەوە تووشی هەندێ کێشە بوویت. لەو باوەڕەدایت ئەگەر فیلمی گێڕانەوەی زیاتر دروست بکەیت، لەگەڵ حکومەتدا تووشی کێشەی گەورەتر ببیت... کۆمەڵە فیلمێک کە ڕاڤەی سیاسییان بۆ بکرێت؟**

-ئەو پرسیارە جێگەی سەرنجە. پێشتر کەس

# هەندێ جار لە کەسانێکەوە فێربووم کە هیچ پەیوەندییەکیان بە هونەرەوە نەبووە

پرسیاری وای لێ نەکردووم. ئەوە گرنگە، چونکە تەنانەت ئەگەر شیکردنەوەیەکی تەواویشت لە دەسەڵاتدارانەوە دەست نەکەوێت، ئەوا دەتوانیت نێوان دێڕەکان بخوێنیتەوە. ئەو کێشانەی کە لەگەڵ دامەزراوە سینەماییەکانی حکومەتدا تووشم بوون، لەسەر زەمینەیەکی سیاسی بونیاد نەنرابوون، گوێم بە لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەی ڕژێمی سۆڤێتی نەدەدا، لەبەرئەوە خۆم پێوە ماندوو نەکرد. بەردەوام حەزم لە ستاتیکای بینین بووە، ستاتیکایەک گرێدراو بە ڕۆحانیەتێکی مرۆیی، کە بەهاگەلێکی ڕەوشتی پەسەند دەکات. لە ڕاستیدا قوڵبوونەوەی من لە لایەنی وێنەیی هونەردا وای لە دەسەڵاتداران کرد بە گومان بن. سروشتی فیلمەکانم لە فیلمی ئەوانی تر جیاوازە. دەسەڵاتداران خۆشیان نەیاندەزانی لەسەر چی سزام دەدەن، ئەو سەرلێشێواوییە زۆر پەستی کردن. بێگومان ئەوە کارەکانی بۆ من قورستر کرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سوکتری کرد. کاتێک تەماشای دواوە دەکەم پەی بەوە دەبەم کە کارەکە لە ڕووی دەرەکییەوە چەندێ ناکۆک بووە: لەلایەکەوە ئەو فیلمانەی دەرم هێنان قەدەغەکران، لەلایەکی تریشەوە بیرە تازەکانم بەردەوام پەسەند دەکران. دەتوانم بڵێم پارەدۆکسێکی ڕووکەشی هەر سیستەمێکی تۆتالیتارییە.

***ئەو هونەرمەندانە کێن کە یارمەتییان داویت خۆت بناسیت؟**

-من لە دەوروبەری خۆم زۆر شت فێربووم. هەندێ جار لە کەسانێکەوە فێربووم کە هیچ پەیوەندییەکیان بە هونەرەوە نەبووە. کەسانێکی دڵسۆز و ڕاستگۆ و بەڕێز بوون. کەسانێکی جوان و ڕۆشنبیربوون. بەڵام لە هەموویان گرنگتر (چیخۆف)ە.

من لە پاشخانێکی ئایینییەوە هاتوم، کڵێسەکەی ئێمەی باوەڕی بە وێنە نەبوو. لە دژی دروستکردنی نوشتە بوو. ئەگەر بتویستایە شتێک بڵێیت ئەوا پێویست بوو وشە بەکاربهێنیت. گرنگترین شتێک کە من لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا فێری بووم ئەوەبوو کە وێنەش بیرە. پێویستم بە ماوەیەک بو تا لەوە تێگەیشتم.

***تۆ باسی ئەدەب و درامای ڕادیۆییت کرد، چۆن زمانی هزری بیرت داهێنا؟**

-پاشخانی من تەواو جیاوازە. زۆربەی ئەو شتانەی کە دەیانکەم لە ڕێگەی پێشبینییەکانی خۆمەوەن. کەسێک نەبووە یارمەتیم بدات گەشە بە خۆم و بەها ڕۆحییەکانم بدەم. بە واتایەکی تر: قەشەیەک نەبووە تا لە بەردەمیدا دان پیانانی خۆم پێشکەش بکەم.

***زۆر جار ناوت بە (تارکۆفسکی)یەوە گرێ دەدرێت. بەم دواییانە هاتووەتە ناو ژیانتەوە، یان هەر زوو کاتی خۆی کاری تێکردوویت؟**

-ئەوە بەڕێکەوت بوو. ئێمە وەک تاک زۆر لە یەکتری جیاوازین، ئەویش خۆی چەندنین جار ئەو قسەیەی کردووە. یەکەم جار کە کاری ئەوم بینی، سەرقاڵی تەواوکردنی خوێندن بووم لە ئەکادیمیای سینەما. ستاتیکای ئەو بەلای منەوە شتێکی نوێ نەبوو. بەڵکو چەسپاندنی تێڕوانینە تایبەتییەکەی خۆم بوو. بە ڕاستی زۆر قورسە بتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە. دەتوانم بڵێم هاوڕێیەتییەکی گەرموگوڕ لە نێوانماندا دروستبوو. ناشزانم بۆچی ئەو کارەکانی منی بە دڵە.

***بەردەوام هەستم بە گوناهێک کردووە، چونکە**

لەناوخێزانەکەی مندا کەسێک نەبوو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هونەردا هەبێت، کەسیان لە هونەردا کاریان نەکردووە. من لە گوندێکی بچوکی سیبیریا لەدایکبووم، کە ئێستا نەماوە، چونکە وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارۆئاوییان دروستکرد، بەهۆی ئەو کارەوە گوندە بچوکەکەم بوو بەژێر ئاوەوە. ئێستا ئەگەر بمەوێت سەردانی شوێنی لەدایکبوونم بکەم ئەوا پێویستە بەلەمێک بەکرێ بگرم و سەیری بنی دەریاکە بکەم.




**پێم وابوو کە پێویستە زیاتر تارکۆڤسکیم خۆش بووێت. ئەقڵم داوای لێ دەکردم زیاتر بە دڵم بێت، بەڵام دڵم بەگوێی نەدەکرد. کاتێک فیلمەکانیم بینی، بە خۆم وت ئا ئەمەیە کە دەمەویت لای تارکۆڤسکی ببینم.**

-جوانە. ئەوەی تۆ دەیڵێیت شتێکی جوانە. ئەوە جارێکی تری دەیسەلمێنێتەوە کە هەر یەکێکمان پلەیەکین لە پلەکانی قادرمەیەک. ئەوەی هەموومان دەیکەین، من و تۆ و تارکۆڤسکی، شتێکە کە هەیە وێڕای جیاوازییەکانی نێوانیشمان.

***با کەمێک بابەتەکە بگۆڕین و باسی لایەنی تەکنیکی و مادی بکەین. پێدەچێت بەهۆی سەرکەوتنەکانتەوە لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا توانای بەدەستهێنانی هاوکاریی ئەورووپیت هەبێت. لەو باوەڕەدایت کە بتوانیت فیلمەکانی خۆت دەربهێنیت؟**

-تا ئێستاش مەسەلەی بەدەستهێنانی هاوکاریی مادەی نیگەرانم دەکات، من پشت بە یاسایەکی جێگیر دەبەستم، ئەویش ئەوەیە کە بەدرێژایی کات لەگەڵ کەسانێکی دیاریکراودا کار بکەم: وێنەگر، ئەندازیاری دەنگ، مۆنتێر، دیزاینەری دیمەنەکان و هتد.. وابزانم ئێمە نزیکەی ١٠- ٢٠ ساڵە بەیەکەوە کار دەکەین، ئەوکات هەستدەکەین یەک تیمین و دەتوانین کارێکی گەورە ئەنجام بدەین. ئێمە دەتوانین شتگەلێک بکەین، چونکە بە بودجەیەکی کەمەوە کار دەکەین. قورسە بیهێنمە بەرچاوم کە بە بودجەیەکی گەورەوە کار دەکەم.

***کاتێک فیلمی (دایک و کوڕ) لە فێستیڤاڵی (تیلۆراید) نمایشکرا، هاوڕێیەکم بینیی، ئەو وێنەگرێکی سینەماییە، لە ڕووی تەکنیکییەوە باسی وێنەگرەکەتی کرد، بەڵام وێنەگرەکەت گریمانەکەی ئەوی نەسەلماند، لەبەر ئەوە لێت دەپرسم: چۆن ئەو کاریگەرییە وێنەییە نایابانەت ئەنجام دا؟**

-پێت دەڵێم، زۆر لەوە ئاسانترە کە بیری لێ دەکەیتەوە. تەنیا یەک یاسا هەیە کە وابزانم ئەویش زۆر گرنگە. خۆم وا دەرنەخست کە وێنەی سەر شاشەکە ڕەهەندێکە لە ڕەهەندەکان. ئامانجی یەکەمم ئەوەیە کە پێویستە وێنەکان تەخت و ئاسۆیی بن. دووەم پێویستە خوێندنەوەیەکی سەرتاسەری بن بۆ نەریتی هونەری و ستاتیکی. من وێنەیەکی واقیعی و سروشتی ناگرم، من دروستی دەکەم. لە فیلمی (دایک و کوڕ)دا ژمارەیەک ئاوێنە و پلێتی شوشەیی و فلچەیەکی بۆیاخی گەورەم بەکارهێنا.

***شوشەت لەبەردەم عەدەسەکاندا دانا؟**

-بەڵێ لە پێشەوە و لە دواوە و لە هەردوو لاشەوە، بەچەند شێوەیەکی جیاواز دامنان. پرۆسەیەکی سەخت و درێژ و وردبوو. سروشتی ڕاستەقینەم تێکدا و سروشتێکی تایبەتم دروستکرد.

***بۆیاختان بە پارچە شوشەکان و ئاوێنەکاندا پرژاند؟**

# هونەر کارێکی سەختە، کە ڕۆحت ئەنجامی دەدات

–نەخێر. بە فڵچەیەکی زۆر تەنک و باریک ئەو کارەمان کرد. لەو فڵچەیە دەچێت کە لە وێنەکێشانی تەقلیدیی چینیدا بەکاردێت.

***وێنەگرەکەت، وابزانم بۆیاخی پێدا پرژاندن..**

–نەخێر، مەحاڵە. ئەگەر وا بوایە ڕوویەکی زبری دەبوو، هیچ ستاتیکایەکی تێدا نەدەبوو.

***کاتێک وا دەکەیت کە گرتەیەک بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت، چاو بواری ئەوەی دەبێت بە ئارەزووی خۆی تەماشا بکات، بەڵام لە سینەمای تەقلیدیدا کە ریتمێکی خێرای هەیە وێنە ئەوەندە بەخێرایی تێدەپەڕێت کە تۆ ناتوانیت تێیدا قوڵبیتەوە. یەکێک لە شتە هەرە خۆشەکانی ناو فیلمی (دایک و کوڕ) ئەوەیە کە بە ئارەزووی خۆت دەگەڕێیت.**

–ئەوە توانای فیلمەکان نییە، بەڵکو توانای تەماشاکەرە بۆ خەیاڵکردن و گەشەپێدانی ڕۆحی. بۆ من زۆر گرنگە کە تۆ ئاوا گرنگی بە فیلمەکانم بدەیت، چونکە من ئەو فیلمانە دەزانم کە تێیاندا بەشداربووم و درک بەوە دەکەم کە سروشتێکی داهێنەرانەی تەواو جیاوازیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرم لا گرنگە کە ئەوە هەستی تۆ بێت لە بەرامبەر کارەکانی من...

***منیش وەک زۆربەی داهێنەران پابەندم بە نەریتەکانی واقیعییەتی سایکۆلۆژی. فیلمی (ئەفلیکشن) کە لە فیستیڤاڵی (تیلۆراید) نمایشکرا، قوڵبونەوەیەکە لەناو کەسایەتیدا. بەڵام من بەردەوام حەزم لەو فیلمانە بووە، کە لە دژی خۆنواندنی سایکۆلۆژین و هەوڵدەدەن تەماشاکەر ببەن بۆ شوێنێکی تر. هەرگیز هەستم بەوە نەکردووە، کە پشوودرێژم یاخود توانای بەجێهێنانی ئەو فیلمانەم هەیە. تۆ باسی ستاتیکا دەکەیت، بەڵام هەندێ مەغزای سادە هەن کە زۆر دەوڵەمەندن: پەیوەندیی نێوان باوان و منداڵەکانیان، مردن و خۆشەویستیی مرۆیی. تۆ لە پێشدا لە ڕووی بابەتییەوە یا وێنەییەوە بیر لە فیلمەکەت دەکەیتەوە؟ فیلم لە کوێوە دەست پێدەکات ؟**

–لە هیچ کامیانەوە. من بە هەست کاردەکەم، ئەوەی کە بەردەوام کارم تێدەکات ئەو هەستانەیە کە تەنیا کەسێکی ڕۆحانی ئەزموونیان دەکات. هەستەکانی ماڵئاوایی و جیابوونەوە. باوەڕم وایە،




من کاری دۆکیومێنتی بەشێوەیەک ئەنجام نادەم کە نمونەیەکی ڕاستەقینەی هونەرە. من گوێ بە ڕاستگۆیی واقعی نادەم. لەو باوەڕەشدا نیم کە باش لە واقیع تێبگەم. لە فیلمەکانمدا هەوڵدەدەم جۆرە ژیانێکی واقیعی جیاواز دروست بکەم. جیاواز لەوەی کە هەیە. ئەوە بۆ کارە دۆکیومێنتییەکانیشم ڕاستە.

# گفتوگۆ

که درامای مردن باشترین درامایه.

***له هونەری ژاپۆنیدا چەمکێک هەیە بۆ غەمێکی ناسک، چێژی کۆتاییەکان، پاییز و بینینی گەڵا وشکەکانی درەخت...**

-بەڵام لە ڕوسیا غەمی ناسک و ماڵئاوایی خۆش شتێکی نەکردەیە. بە پێچەوانەوە، بە واتای ڕووسی بۆ لاواندنەوە. ئەوە هەستێکی ستونییە، زۆر قوڵە، شتێکی دڵخۆشکەر نییە. وات لێدەکات قوڵبیتەوە، بە توندی، بە ئازارەوە. شتێکی مەترسیدارە.

***بە بڕوای تۆ جیاوازیی نێوان فیلمی درامی و فیلمی دۆکیومێنتی چییە؟**

- من بە شێوازێکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو بوارەدا ناکەم. تەنیا جیاوازیەک کە من لە نێوان فیلمی درامی و دۆکیومێنتیدا دەیبینم ئەوەیە کە هونەرمەند ئامراز و کەرەستەی جیاواز بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی وێنەیەک یا دروستکردنی خانویەک. لە کاری درامیدا دەرهێنەر تەن یا قاڵبی گەورەتر بەکاردەهێنێت، بەردی گەورە بەکاردەهێنێت. لە دۆکیومێنتیدا خانوو زۆر جار لە شوشە دەچێت، ناسکتر و شەفافترە.

***لە مەبەستت تێنەگەیشتم..**

-من کاری دۆکیومێنتی بەشێوەیەک ئەنجام نادەم کە نمونەیەکی ڕاستەقینەی هونەرە. من گوێ بە ڕاستگۆیی واقعی نادەم. لەو باوەڕەشدا نیم کە باش لە واقیع تێبگەم.

لە فیلمەکانمدا هەوڵدەدەم جۆرە ژیانێکی واقیعی جیاواز دروست بکەم. جیاواز لەوەی کە هەیە. ئەوە بۆ کارە دۆکیومێنتییەکانیشم ڕاستە.

***کەواتە تۆ کارێکی دۆکیومێنتی ئەنجامدەدەیت و دەتەوێت شتەکانیش جیاواز بن، ئایا بابەتەکان ئاراستە دەکەیت یان شتەکان دەگۆڕیت؟**

-من ڕێنمایی پێشکەش ناکەم. لە کاری درامی و دۆکیومێنتیدا بەلامەوە گرنگە کە خەڵکی پەشیمان نەبن لە بەشداریکردن. لەبەر ئەوە من وێنەی کەسانێک ناگرم کە خۆشم ناوێن و لێیان تێناگەم.

***جارێکیان مامۆستاکەم پێی وتم هەر شتێک کە لە ناو کادر یان چوارچێوەدایە کارێکی هونەرییە. کاتێک ئەم پەرداخە دەخرێتە ناو چوارچێوەیەکەوە، چیتر پەرداخ نابێت، بەڵکو دەبێت کارێکی هونەری.**

-من لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم. هونەر کارێکی سەختە، کە ڕۆحت ئەنجامی دەدات. پەرداخیش هەر پەرداخە. مێژووی ڕۆحی هونەر مێژوویەکی زۆر خەمناکە. کارێکی زۆر سەختە و هەندێ جاریش خۆش نییە. کارێکی قورسە بۆ هەمووان.

***یەکێک لەو شتانەی کە زۆر جار بە خەیاڵی ئێمەدا دێت نەریتی تابلۆ مەزنەکانە کاتێک کەسانی تر باسی فیلمەکانت دەکەن. هیچ وێنەکێشێک هەیە کە زۆر کاری تێکردبێتیت؟**

- بە گشتی کاتێک کەسێک پرسیارێکی وا دەکات، یەکەمین شتێک کە بیری لێدەکەمەوە ئەو کوێرە ڕێگەیە کە مرۆڤ بە درێژایی کات سەفەری پێدا دەکات. دەتوانم بڵێم ئەو وێنەکێشە ڕوسیانەن کە لە سەدەی ١٩دا دەرکەوتن. هەروەها تابلۆ ڕۆمانتیکییە ئەڵمانییەکانی سەدەی ١٩، بە دڵنیاییەوە (رامبرانت). وێنەکێشی ئەمریکی (ئەندرۆ وایت)یشم بە دڵە. وێنەکێشە کۆنەکانم بە دڵە، چونکە ئەوەندە لێهاتوون کە باوەڕ ناکرێت. وابزانم ڕاهێنان لەسەر پیشەکە بەشێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە هونەرمەندێکی ڕاستەقینە. لەبەرئەوە بەڕای من لە سینەمادا مامۆستای زۆر

# نامەوێت لێگەڕێم تەکنۆلۆژیا بمبەزێنێت یا بچێتە ناو ناخمەوە

نییە.

***ئێستا لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە ڕۆڵەکانی وێنە و فیلم ئاوێتەی یەکتری دەبن. ئێستا زۆرێک لە وێنەکێشەکان لەسەر کۆمپیوتەر لەگەڵ وێنە فۆتۆگرافییەکاندا کار دەکەن. ئەوەت بە دڵە، یان تۆش وەک منیت: چیتر گەنج نین بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەست پێبکەینەوە؟**

-نا، نا، نامەوێت لێگەڕێم تەکنۆلۆژیا بمبەزێنێت یا بچێتە ناو ناخمەوە، هەرچەندە ئێمە بەهۆی کۆمپیوتەرەوە بازنەی دووەمی مۆنتاژ دەبڕین. کەواتە وێنە وەک وێنە بە چەند ئامرازێک لە دایکبووە، وابزانم پێویستە وەک خۆی بمێنێتەوە. هونەری کۆمپیوتەر جۆرێکی تەواو جیاوازە لەو هونەرە وێنەییە. ئێمە باسی سینەمایەکی پاک دەکەین،ئێمە باسی شتێکی تر دەکەین.

***دەستکاریکردنی وێنە لە کاتی وێنەگرتندایە نەک دواتر لە قۆناغی مۆنتاژکردندا...**

-بێگومان وایە. هەمیشە لە کاتی دروستکردنی فیلمەکەدایە. وەک دەرهێنەرێک بەردەوام تێڕوانینێکی ڕوونم هەیە کە دەمەوێت چ شتێک دروست بکەم. من زۆر جار بناغەی ئەدەبی دەگۆڕم لەگەڵ زۆرێک لە سیناریۆ لە کاتی بەرهەمهێناندا. زۆر جار بە یەکجاری مانای دیالۆگێکی دیاریکراو دەگۆڕم. بەو جۆرە مانای کارکردنەکەش دەگۆڕێت. من هەوڵدەدەم جار لە دوای جار ئەفراندن بکەم. زۆر گرنگە کە بەردەوام لە حاڵەتی گواستنەوەدا بیت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. دەکرێت فیلمی ڕاستەقینە تەواو ئارام بێت، بەڵام ئەو وزەیەی کە لە ناو فیلمەکەدایە پێویستە زۆر دینامیکی بێت.

لە ڕوسیا غەمی ناسک و ماڵئاوایی خۆش شتێکی نەکردەیە. بە پێچەوانەوە، بە واتای ڕووسی بۆ لاواندنەوە. ئەوە هەستێکی ستونییە، زۆر قوڵە، شتێکی دڵخۆشکەر نییە. وات لێدەکات قوڵبیتەوە، بە توندی، بە ئازارەوە. شتێکی مەترسیدارە




**سەرچاوە:**

١٩٩٧ .Film Comment, Nov. / Dec

(پۆل شرایدەر) ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ «سۆکۆرۆف»دا ئەنجامداوە.

(امین صالح) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و (سینماتک) بڵاوکراوەتەوە.